## بەناوی کەسی بێکەسان

خوێنەرانی بەرزو بەڕێز! بە پێویستی دەزانم کە لە بەشی سێیەمی ئەزمون و ژیاندا، لەبریی پێشەکی، ئاماژە بە چەند بەسەرهاتێکی ژیانم بکەم. ئەگەرچی خۆم دژی پێشەکی دوورو درێژم، ئەوجار بەسەرهات و رووداویشی بێتەسەر! بەڵام هەروەک مێژوویەکی کورت لە رابردووی خۆم، بە پێویستی دەزانم کە نەیشارمەوەو بیخەمە پێش چاویی ئێوەی خۆشەویست.

### رووداوەکان گەرچی کۆن دەبن، بەڵام لەبیر ناچنەوە

هەروەک زۆربەی خەڵکی کوردستان، منیش لە نەهامەتی و دەربەدەریی و دەردەسەریەکانی ژیان لە رۆژگاریی رابردوومدا، بێبەش نەبووم. من هەرجارێک کە مەترسی گیان رووی تێکردبم، وەک پەناگەیەک تەنیا کوردستانی رۆژهەڵات، پەناگەو شوێنی حەسانەوەم بووە.

لەوسەری کۆڵانەکەدا بۆلای چەپ سووڕایەوەو لەبەرچاوم بزر بوو. دوای چەند چرکەیەک، پووری ئەو کچەی کە پێشتر هات و سەریی بەماڵیاندا کردو گەڕایەوە، بەدەنگێکی پەرۆشەوە هاواریی کردو وتی: راکە. داوت بۆ دانراوەتەوە. ئەوانەی کە هاتن و تێپەڕ بوون، بۆ دەستنیشانکردنی تۆ هاتبوون. ئەو پیاوەی کە دواییش تێپەڕ بوو، استخبارات بوو و بەدوای تۆدا دەگەڕێت. تکایە زووکەو خۆت رزگار بکە.

ماڵی ئەودیویی ماڵەکەی خۆمان کە دیوارمان یەک بوو، (ماڵی شەهید حسن حاجی خدر) هەندێک گونیەی پڕیان لەسەر یەک دانابوون. بۆیە بە هەلم زانی و لەسەر بانەوە خۆم هەڵدایە سەر گونیەکان بۆئەوەی خۆم رزگار بکەم. کە هاتمە خوارەوە دیتم سەیارەیەک پیاوێکی لەوسەریی کۆڵانەکەوە دابەزاندو رۆیشت.

بێخەبەر لەوە کە هەر ئەوکات سەیارەکە چووە بۆلای ماڵی ئێمە، بۆ ئەوەی لەهەردوو لاوە گەمارۆم بدەن. ئەو کەسەی کە دابەزیی لە

سەیارەکە، هەمان ئەو کەسە بوو کە پێشتر بە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی شینی کوردیی و بەبێ چەک بەدەوریی مندا سوڕایەوەو تێپەڕبوو. ئیتر من نەمتوانی رابکەم.

بەڵام ئەو شوێنەی کە لێی وەستابووم، چونکە پێشتر کار لەسەر خانوەکە کرابوو، بەردیی زۆریی لێبوو و هەر لەو شوێنە وەستام. کابرا بەرەو رووم دەهات و بەمەبەستی ترساندنیش، جاروبار تەقەی هەوایی لێدەکردم. بەشێوەیەکی زۆر ترسناک و دڕندانە، وتی: یاڵڵا پێشم کەوە بۆ استخبارات.

منیش لەوکاتەدا کە هیچ هیوایەکم بە ژیان نەمابوو، لە مردنیش هیچ ترسێکم نەبوو. دەمزانی ئەگەر خۆم رادەستی ئەو خوێن مژە بکەم و لەگەڵیدا بچم، بەدەردیی هەموو ئەو کەسە شۆڕشگێڕو بێتاوانانە دەچم کە پێشتر دەستگیر کرابوون و بە خراپترین شێوە، مامەڵەیان لەگەڵدا کرابوو و دواتر بێسەرو شوێن کرابوون.

منیش ئـەوکـارەم زۆر بــەلاوە گـران بـوو. لەڕاستیدا دەشترسام کە دەستگیرم بکەن. بۆیە وتم: ئەوکارە ناکەم. (کاک محمد) وتی: خەم مەخۆ، ناتوانن هیچت بەرامبەر بکەن.

بەهەر حـاڵ منی بـرد بۆ دائیـرەی استخباراتی قـەڵادزێ و یەکەم کـەس کە لەپێشەوە وەستابوو، ئەو کەسەبوو کە من برینداری کردبوو و بە لەفاف روومەتی داپۆشرابوو. بەهێمنی بە (کاک محمد)م وت: ئەو دڕندانە، هەرگیز ئەو شتەیان لەبیر ناچێتەوە.

کە چووین بۆ ژوورەکـەی (رائید محمد)، رووی تێکردم و وتی: ئێمە هیچت پێناڵێین. تۆ چ لەناوەوە بی، یان لەدەرەوە بی، هەر ئیش بۆ دەرەوە دەکەی. مادام کەوایە، بۆ ناچی بۆ دەرەوەو بە ئاشکرا کارەکانی خۆت بکەی؟ منیش رووم لە کاک محمد کردو وتم: مانەوەی من هیچ سوودێکی نەماوەو ئەوانە باوەڕیان بە من نی یە. چونکە پێشتر داوای هاوکاریان لێمکردووەو نەمکردووە.

ئـەوبـوو کـە بـڕیـاریـی چـوونـە دەرەوەمـــداو ئیتر نەگەڕامەوە.

ناحەزانی کورد، هیچ ڕێگایەکیان نەهێشتووەتەوە بۆ ژیان و بەیەکەوە ژیان. هەر ئەوەشە کە بە هەزاران کەسی وەک من، دوور لە نیشتیمانی خۆشەویستیان، ژیان بەسەردەبەن و بەهیوای داهاتوویەکی خۆش و ئاسوودەن بۆ خەڵک و وڵاتەکەیان. ئەمڕۆ کە ٢٠١٥/٢/٢٦یە ڕێک دەبێتە نۆزدە ساڵی تەواو کە من وڵاتە بێنازەکەی خۆمم جێهێشتووەو وڵاتێکیتر (ئوستڕالیا) جێگای زێدیی ژیانی بۆ گرتوومەتەوەو یاسای پیرۆزی ئەو وڵاتە، جێگای هەموو خزم و کەسی بۆ گرتوومەتەوە. بەبڕوای من، لە وڵاتێکدا کە یاسا هەبێ، ژیان هەیە، مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی دەکات، چەوساندنەوەو چاو سوورکردنەوە، بوونی نییە، کەس خۆی بەگەورەتر نازانێت لە کەسیترو کەس بەچاوی کەم سەیری کەسیتر ناکا. هیوادارم چەتریی ئاشتی، سێبەر بەسەر وڵاتەکەی ئێمەشدا بکێشێ و لەوە زیاتر پاشاگەردانی، مافی خەڵک پێشێل نەکات و یاسا نەکرێت بە قوربانی.

بە کوردی و بە کورتی، لەگەڵ هاوڕێ تازەکەمدا، ڕێگامان گرتەبەرو لە کوردستانەوە بۆ کوردستان، کەوتینە ڕێ و سەرەتا گەیشتینە چۆمان. دواتر بەرەو دیانان. بەڵام لەوێ کەمێک هەستم بەدڵە راوکێ دەکرد... بەهەرحاڵ لەوێش هیچ باسنەبوو، سەیارەیەکمان بەکرێ گرت کە ئەویش هەر خەڵکی رانیە بوو و کەسێکی زۆر باشبوو. کەوتینەڕێ بەرەو رانیە. سەرەتا کە گەیشتینە یەکەم بازگە، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە لیکۆڵینەوەیەکی زۆرما لەگەڵدا بکرێت، بەڵام زۆر بەڕێزەوە وتیان فەرموو بڕۆن.

بەڵام وتیان ئەگەر بۆتان ئەرک نییە، ئەو دوو برادەرە لەگەڵ خۆتاندا بەرن، کە پێشمەرگەنەو مەقەڕەکەیان لەسەر ڕێگای خۆتانە. ئێمەش زۆرمان پێخۆشبوو، یەکێکمان لە پێشەوە لەلای شۆفێرەکە سوار کردو ئەوەی تریش لەدواوە، لەلای من دانیشت و خۆمان سەرگەرمی قسە کردن کرد.

لەبەر ئەوە خەڵکی گوندەکە زۆربەیان هەژارو دەستکورت بوون، لەگەڵ ئەوەدا من لەوان باشتر نەبووم، بەڵام ویژدانم ڕێگای پێمنەدەدا کە پارەیان لێوەربگرم. ئەوانیش لەبەرامبەردا ماستو ڕۆن و پەنیریان بۆمان دەهێنا. بەڵام هەر ئەوەندە بەسنەبوو بۆ دابینکردنی ژیانی ئێمە....!

پاش ماوەیەک کەزانیم ژیانمان هەر بەرەو ناخۆشی دەڕوات،ماڵەکەم گواستەوە بۆ گوندی (گەرۆر) لەڕاستیدا لەوێ هەم بۆ خۆم، هەم منداڵەکانم، ژیانو گیانێکی تازە لە وجوودماندا دروستبۆوەو زۆرێک لە ناخۆشیەکانمان، لەبیرچوونەوە. مرۆڤ دۆستیی خەڵکی ئەوێو ڕێزگرتنیان لەمنێکی هەمیشە ئاوارەو قاڵبوو لەناو کێشەکانی رۆژگاردا، نەک هەر ئاوا بەکورتی، بەڵکو لەناو توێی کتێبێکیشدا هەر وەسف ناکرێت.

من نەک تەنیا هەر بۆخۆم، بەڵکو هەموو بنەماڵەکەشم بەقەرزداری ئەو خەڵکە شەریفەی ئەوێ دەزانم. تاکو لە ژیاندا بم, چێژ لەو ژیانە کورتە وەردەگرم کە لەگەڵ ئەواندا بەسەرم برد.

**ئەگەر وتیان:**

- ئەگەر وتیان: کەسێک باشە، باوەڕ مەکە و خۆت بیناسە. هەوڵ بدە دراوسێی بی، کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ بکەو لەگەڵیدا سەفەر بکە.
- بەو سێ شتانە بۆت دەناسرێت. ئەگەر باشبوو بەریمەدەو باشیش نەبوو لێی دوور کەوە.
- ئەگەر وتیان: فڵانە باش نیە، باوەڕ م ەکـەو هەوڵ بدەخۆت بیناسی. بۆ ماوەیەک ببە هاوڕێی،

رێزی بگرەو سەردانی بکەو سەردانت بکات.

- گەر هەستت کرد وەزنی کەمەو زۆر ز مان لووسی بەکار دێنێ و ماستاوچی بوو، لێی دوور کەوە. چون بەو زمانە دروستت دەکات، هەر بەو زمانەش وردت دەکات!
- ئەگەر وتیان: تۆ زۆر باشی، سوپاس یان بکەو رێزیان بگـرە. بەڵام هەرگیز خۆت ون مەکەو لە سنورت تێپەڕ مەکە. هەوڵ بدە وتە کانیان بە راست دەرچێ و لەناخیاندا جێگا بگرە.
- ئەگەر وتیان تۆ خراپی، تورە مەبەو هیچ

هەڵمەچوو.پێیان بڵێ هەڵەکانت بۆ بنوسن و یەک لەدوای یەک راستیان کەوەو سوپاسیان بکە.

- لە دوا جاردا، هەوڵ بدە زۆر گوێ بگری ، زۆر ئارام بی و شت زۆر فێر بی. بۆ داهاتووش ، وانەی راست و بە سوود وەرگری.

**باسی رابردوو:**

کاتێک کەم و کورتیەکان بەرەو زیاد بوون دەچن، پەنا بۆ رابردوو دەبرێت و باس لە شاکارەکان دەکرێت!

نانم پێ بدە، شوتی هەر ئاوە
باس لە رابردوو خەیاڵی خاوە

**پەڵەی رەش:**

رەشترین پەڵە کە هەرگیز لەسەر دڵ لاناچێت، وشەی ژەهراوییە.

**هاوسەفەر:**

پێش ئـەوەی بە ڕێبکەویی بـەرەو شووێنی مەبەست، بیر لە هاوسەفەرێکی باش بکەوە. کە دڵ و مێشکت، هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

**هیچ:**

- مرۆڤ، کاتێک کە هیچ نییە، پێیوایە هیچە.
- کاتێکیش کە دەبێ بە هیچ، تێدەگات کە هیچ نییە.

**چەند وتەیەکی کاریگەر:**

بـــەهێز بـــە، بـــەڵام وشک مـــەبە.
مێهرەبـــان بـــە، بـەڵام لاواز مـەبـە.
بێ فیز بـــە، بـــەڵام شـەرمن مـەبـە.
هۆی شانازییبە، بەڵام لوت بەرز مەبە.
لە (ئینگلیزیەوە)

دابێت، کە بۆی دیاریکراوە.

• مـرۆڤ، تـاوەک پێویست خـۆی نەناسێت، ناتوانێت هیچ کەسێک بناسێت.

• کە خۆیو خەڵکیشی نەناسێت، ناتوانێت خواش بناسێت...!

• هەر ئەو نەناسینەشە، کە دەبێتە هۆی سەر لێشێوان و ناشیرین بوونی ئەو ناوە جوانەی کە بۆی دیاریکراوە...! (مرۆڤ)

## مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی:

• مـرۆڤ، کاتێک وەک مـرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات، ژیان جوان دەکات.

• بـەڵام کە خـۆی ناشیرین دەکـات، نـەک هەر لەناو دڵـی مرۆڤەکاندا جێگەو پێگەی نامێنێت، بەڵکو، ژینگەش ناشیرین دەکات.

## نرخ زانین:

• هەر شتێک ئارەقەی بۆ نەڕێژرابێت، نرخی نازانرێت.

**وەفاداری:**

• لەخۆشەویستیدا، وەفادار بە. بەڵام... نەخۆشەویستی فەڕزکە بەسەر کەسدا، نە بکەوە ژێر باریی خۆشەویستی کەس.

**دیاریی:**

• دیاریی، هەرچییەک بێت، زۆر بەنرخترە لەو نرخەی کە پێی کراوە.

• ڕێز گرتن لە دیاریی، ڕێز گرتنە لەهەستی پاکی خاوەن دیاری.

**سروشت نەگۆڕە:**

• خەم لە شتێک مەخۆ، کە لەدەست چووە. بیریش لە شتیک مەکەوە، کە ناگۆڕێت!

**خۆ بە دوور گرتن:**

لە دوو کەس خۆت بە دوور بگرە:

• یەکەم: کەسێک کە خۆی پێ گەورەیە، بەڵا... بچووکە.

## نزا ناکەم:

نزا ناکەم:

نزا ناکەم بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵێک بودەڵەی چاوبرسیی کە خۆیان لەناو کەوڵی شۆڕشگێڕیی و فریادەڕەسی نەتەوەییدا حەشارداوە و باجی سەرکەوتنەکانیشیان، خوێنی گەنج و لاوی وڵاتەکەم و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی و دادپەروەرییە. بەڵکو نزا بۆ ئازادیی ڕاستەقینە و دادی کۆمەڵایەتیی و ڕەهابوون لەدەستی زاڵمانی دەرەکیی و خۆماڵی، دەکەم.

بۆیە نزا بۆ ئازادیی و دادپەروەریی دەکەم چونکە، ئازادیی و دادپەروەریی مانا بۆ ژیان، کەرامەت بۆ مرۆڤ و ماف بۆ مافخوراو دەگەڕێننەوە. ئەمەش سەرچاوەی ئاشتی کۆمەڵایەتیی و بنەمای پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕەسەن و تەندروستە.

هەرێمی کوردستانی عێراق، ماندووترین، جەربەزەترین و زۆرترین ڕۆڵەی خۆی کردووە

بە قوربانی بەدیهێنانی ئازادیی و دادپەروەریی، لە پێناو یەکسانیی و دادی کۆمەڵایەتییدا، خوێنێکی زۆری لێچۆڕاوە، بەڵام بەری ئەم خەبات و ماندوو بوونە بەفیڕۆ چوو و کۆمەڵێک بەرژەوەندیخواز، چەندێکی ناشایستە، لەسەر مەڵۆی خەبات و تێکۆشان و خەرمانی پاڵەکانی ئازادیی، دەست لەبن سەرین، لە ناو خەونە سور و ئاڵا و واڵاکانیاندا ژیان دەکەن.

بەرژەوەنی پارێزەکانی بەناوی شۆڕش، بەناوی پارێزگاریکردن لە یاسا، لە ئازادیی، دادپەروەریی و دیموکراسیی، ڕۆژ نییە دایک و باوکی ڕۆڵەیەکی ئەم میللەتە جەرگسوتاو و چاو بە فرمێسک نەکەن!

دژی هەموو ئەوانەن کە چاویان ناعەدالەتییەکانی ئەوان دەبینێ، دژی هەموو ئەوانەن کە دزیی و تاڵانییەکانی ئەوان کە لە سەر زەوی و ژێر زەوی وڵاتدا ئەنجامی دەدەن، دەبینێ. زیندانەکانیان بە چالاکوانی سیاسیی و مەدەنیی، مامۆستا و ڕۆژنامەنوسی ئازادیخواز

هەڵئاخنیوە و لەولاشەوە، کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسی زوورناژەنیان بۆ شاباش کێشان بەسەر خۆیاندا، بە پارەی دزیی لە میللەت، بەکرێگرتووە.

ئەم هەموو ناعەدالەتیی و ستەمە، ئەم پوچەڵکردنەوەیەی خەبات و بەرخودانی خەڵکی کوردستان لەلایەن حاکمانی وڵات، خۆبەخۆ، ژینگەیەکی نالەباری سایکۆلۆژیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای ناوخۆ، خولقاندووە. بەشێوەیەک بابایەکی وەکو من کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵم و فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان، ڕوومکردۆتە وڵاتی ئوستراليا، گەڕانەوەکانم بۆ کوردستان دڵم خۆش ناکەن و هیچ جارێک نەبووە، لە سایەی نادادیی کۆمەڵایەتیی، گەندەڵیی یاسایی و ئیداریی، توشی چەرمەسەرییەک نەبووبم!

ئـــەمـــانـــەی خـــــــوارەوە هـــەنـــدێـــک لـــەو چەرمەسەرییانەن:

یەکەم:

لـە سـایـەی گـەندەڵـیـی یـاسـایـی و ئـیـداریـی، نەبوونی دادپەروەریی، کەسێک کە نزیکترینم بوو، زەوییەکی چوارسەد مەتریی لە شاری قەڵادزێ لێ فرۆشتم و پارەکەی وەک گەزۆ مازوو خوارد.

دووەم:

لە ژێر هەیمەنەی هەمان یاسا و ڕێسا، هەمان حاکمانی وڵات، لە سەنگەسەر خانوویەکم کڕی و بە خزمێکی زۆر نزیکی خۆم سپارد بۆ ئەوەی ئاگای لێ بێت و ئیدارەی بکات. کەچی ئەویش فرسەتی لێ هێنام و خانووەکەی هەڵوەشاند. دوای ئەوەی کەل و پەلەکانی دەفرۆشێت، زەوییەکەش دەفرۆشێت و پارەکەشی دەخاتە تەنگەی گیرفانییەوە.

سێیەم:

لە ساڵی ٢٠٠١ دا، کە بۆ یەکەمجار سەفەری کوردستانم کرد و بە تاسەوە بەرەو زێدی خۆم گەڕامەوە. لە بری بەخێرهاتنەوە، هەندێ لە خزمی

فرسەتهێن، کۆمەڵێک خەڵکی عەشایەریان لەسەرم کۆکردەوە و داوای مافێکیان لە من دەکرد کە هیچ بنەمایەکی یاسایی یان شەرعیی نەبوو. بە بەڵگەشەوە پێمسەلماندن کە ئەوان هیچ حەقێکیان لەسەرم نییە، بەڵام وەکو بەلاگێڕەوە، چل هەزار دیناری سویسرییان لێ سەندم!

چوارەم:

لە ساڵی ٢٠١٢دا و کە سەفەری دووەمی کوردستانم تێدا ئەنجامدا، بە ڕێکەوت بۆم دەرکەوت نەک هەر کۆمەڵێک چاویان بڕیوەتە موڵک و زەوییەکانم، بەڵکو ناو و تۆماری باری کەسێتیی عێراقیشیان دزیوم.

هەندێکی تر لە خزمە فرسەتهێنەکان، لە دووری من، ناو و تۆماری باری کەسێتیی عێراقیی منیان، بۆ دەرهێنانی پێناس و ڕەگەزنامەی عێراقیی کەسێکی تر دزیبوو. ئەمەش بە دڵنیاییەوە، بەبێ پاڵپشتیی گەندەڵیی ئیداریی و یاسایی جێبەجێ نابێ. دوای هەوڵ و تەقەلا و ماندووبونێکی زۆر، توانیم ئەو تۆمارانە بۆ خۆم بگێڕمەوە.

هەر دوای تەواوبونی ئەم کێشەیە، هەندێکی تر لە خزمە فرسەتهێنەکانم کە پەیوەندییان بە هەمان ئەو خزمانەوە هەبوو کە چل هەزار دینارە سویسرییەکەیان لێ ستاندم، پەڵپێکی هەمانشێوەیان پێگرتم و داوای موڵکیان لێدەکردم. لە دوای ئەوەش کە بە یاسا و بە فتوای مەجلیسی فتوا لە هەموو مافێک کە داوایان دەکرد بێبەشکران، بە زۆری زۆردار دەفتەرێک دۆلاریان لێ ستاندم.

پێنجەم:

لە ساڵی ٢٠١٩ دا و بۆ سەفەری سێیەمی کوردستانم، کۆمەڵێک ئینسان لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی، لە رابردوویەکی دووردا، گیانیان سپاردووبوو، بە هەوڵ تەقەلای خێرخوازان و لێبوردەیی خۆم، ئەو کێشە گەورەیەمان بە ئاشتیی یەکلایی کردەوە.

بەڵام یەکێک لە نزیکەکانی خۆم و لایەنێکی کێشەکە، بە فیتی ئەم و ئەو بۆ دەستکەوتی ماڵیی و داپۆشینی دۆڕاندنەکانی خۆی لە مەیدانی ژیاندا و بەتایبەتیش لەو کێشەیەدا، دەیویست ئیجبارم

بکات بۆ ئەوەی من لەبەردەم خەڵکێکی زۆردا، ئیدیعای ئەوە بکەم کە من بەڵێنی بیست دەفتەر دۆلارم پێداوە بۆ ئەوەی وەک لایەنێکی کێشەکە، سەرفی نەزەر بکات.

بەڵام من نەکەوتمە داوی ئەوانەوە و نەمهێشت مەرامە چاوچنوکانەکانیان سەربگرێت. بۆیە بە ئاشکرا ڕەتم کردەوە کە بەڵێنێکی وام دابێت و بە ڕەوام نەزانی.

ئەمەی سەرەوە بەشێکن لە بەرهەمی نادادی کۆمەڵایەتیی، گەندەڵیی یاسایی و ئیداریی. ئەم سیستەمە کۆمەڵێک چاوچنۆک و چاولەدەستی بەرهەمهێناوە کە هەموو ئامانجەکانیان لە پارە و ماددەدا کۆکردۆتەوە. بۆیە هەرگیز، ببڕای ببڕای، نزا بۆ ئەم جۆرە چاوچنۆکانە ناکەم و خۆم لە مرۆڤگەلێکی لەو شێوەیە، بێبەری دەکەم